Sorani

Ny i Sverige (textversion av filmen nyanland.arbetsformedlingen.se)

# فیلمی تازە لە سوێد

## لەبارەی فیلمەکە

سڵاو و بەخێر بێی بۆ ڕێنمای ئێمە بۆ ئەتۆ کە مۆڵەتی مانەوەت لە سوێد وەرگرتووە و مافی هیمەتگەلی تایبەتیت هەیە.

ئەتۆ دەتوانی لە هەر کات ئەم فیلمە پشوو دەیت بە قامك دانی دوگمەی پشوودان. ئەتۆ هەروەها دەتوانی لە هەر کات ئەو لیستەی خوارەوە کلیکە بکەی بۆ ئەوەی بەش بگۆریت. ئەگەر دەتەوێت زمان بگۆریت ئەوە لە سەرەوە لە ڕاست دەکەیت. و ئەگەر دەتەوێت لەجیاتی ئەوە هەموو زانیاری بە نووسراوە وەرگری کلیکە بە نووسراوە دەکەیت.

لە سوێد یاسایەک هەیە کە مافی هیمەتگەلی پشتگیریی دەدا بە زۆربەی ئێوە کە تازە هاتوون بۆ سوێد. ئامانجەکە ئەوەیە کە ئەتۆ کە تازە هاتووی بە زووی کار وەرگری. ئەگەر نادڵنیایت لەوە کە ئەگەر ئەتۆ دەگرێتەوە دەتوانی ئەوە لێگۆلیتەوە لای ئێمە لە ئیدارەی کار .

لە ئەم فیلمە ئێمە باس دەکەین لەبارەی ئەو هیمەتگەلیەی کە دەتوانێ هەبێت بۆ ئەتۆ، و بۆ خۆت چ شتێک دەتوانی بکەیت بۆ ئەوەی تا دەکرێ بە خێرا کارێک بدۆزیتەوە.

ئێمە باسی ئەو یاسایانە دەکەین کە هەن بۆ خانووبەرە وقەرەبووی ئابووری، و هەروەها ئەتۆ چۆن پێوەندی بە ئێمە لە ئیدارەی کار دەکەیت. ئەتۆ هەروەها زانیاریی وەردەگری لەبارەی ئەوەوە کە ئەتۆ چۆن لە شوێنەنی دیکە دەتوانی زانیاری وەرگری.

## لەبارەی ئیدارەی کار

ئیدارەی کار ئیدارەیەکی دەوڵەتیە و لە هەمان کات گەورەترین دەلاڵ کردنی کارە. ئەرکی ئیدارەی کار ئەوەیە کە تا شیاوە بە کاریگەری ئەو کەسانە پێک بێنێ کە وەدوای کارمەند دەگەڕێن لەگەڵ ئەوانەی کە وەدوای کار دەگەڕێن. ئێمە لە تەواوی وڵات هەین و هەموو خزمەتەکانی ئێمە بێ پارەیە بۆ ئەتۆ.

هەموو بەخێرن بۆ ئیدارەی کار بۆ داوا کردنی کار. جگەلەوەش ئەتۆ کە تازەیی مۆلەتی مانەوەت لە سوێد وەرگرتووە مافی هیمەتگەلی تایبەتیت هەیە لە ماوەی دوو ساڵ. ئامانجەکە ئەوەیە کە ئەتۆ تا شیاوە بە زووی کاروبار بدۆزیتەوە و دابین کردنی بژیو.

لە ماڵپەڕی ئێمە دەتوانی وەدوای هەزاران شوێنی کاری بگەڕێیت و لێبکۆلیتەوە ئەگەر چالاکیگەلی دیکە هەیە کە بتوانێ یارمەتی ئەتۆ بدات. ئەتۆ هەروەها دتوانی ڕێنمایی و پشتگیریی وەرگری لە وەدواگەرانی کار لە دەلاڵی کار.

## خانووبەرە

لە کاتێ ئەتۆ مۆڵەتی مانەوەت وەرگرتووە و بڕیارت داوە بمێنیتەوە لە سوێد ئەتۆ هەروەها پێویستت بە شوێنێکە کە تێیدا بژیت. ئەوە ئەرکی خۆتە کە خانوو بدۆزیتەوە، بەڵام دەرفەتی یارمەتی وەرگرتنت هەیە بۆ ئەوە لە ئێمە لای ئیدارەی کار.

ئەتۆ واتە ناتوانی تەئسیر بکەیتە سەر ئەوە کە لە چ شوێنێک خانووت پێشکەش بکەن، بەڵام دەتوانی هەڵ بژێریت کە بە سوپاسەوە نەویستنی بکەیت. ئەگەر وابێت پێشنیازێکی تازە وەرناگری - بەڵکو ئەتۆ دەبێت خانوو بە دەستی خۆت بدۆزیتەوە.

## دامی تۆمارکردنی دانیشتووان

ئەوە گرینگە کە ئەتۆ هەر لە ئێستاوە پرۆیت و خۆت بنووسیتەوە لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووان لە بەر ئەوەی ژمارەی کەسیی وەرگری. ئەوە ئەوە هاسانتر دەکاتەوە بۆ ئەتۆ کە ئەو قەرەبووە وەرگری کە مافی ئەتۆیە لە کاتێ بەشداری دەکەیت لە چالاکیەکانی ئێمە. ژمارەی کەسیی پێویستە هەروەهاش لە کاتی پێوەندی کردن بە دامودەستگا و لە کاتێ ئەتۆ حیسابی بانك دەکەیتەوە. بنکەی باج بەرپرسیاری دامی تۆمارکردنی دانیشتووانە.

## قەرەبووی ئابوری

ئەگەر ئەتۆ بەشداری دەکەیت لە چالاکیەکانی پلانی بناغەڕێژیت ئەودەم ئەتۆ پارە وەردەگری بە شێوەی قەرەبووی بناغەڕێژی. لە فکرت بێ کە قەرەبووی بناغەڕێژیت دەبێت بەشی زیاتر لە خۆراك، جلکوبەرگ و خانووبەرە بکا. ئەوە دەبێت بۆ نموونە بەشی سەفەری ناوچەی بکا بە ئۆتۆبوس و قیتاری میترۆ، وەها کە ئەتۆ بتوانی خۆت بگەیەنیتە گفتوگۆی دامەزران و چالاکیەکانی بناغەڕێژی.

دەرفەت هەیە زێدەکۆمەك وەرگری بۆ قەرەبووی بناغەڕێژی ئەگەر ئەتۆ بۆ نموونە منداڵت هەیە یان خەرجیی خانووبەرەی خۆت. لەبەر ئەوەی بۆت دەرکەوێت دروست کام ڕێساگەل برەویان هەیە بۆ قەرەبووی بناغەڕێژی و زێدەکۆمەکی ئحتمالی وەها ئەتۆ دەبێت پێوەندی بکەیت بە ئێمە لە ئیدارەی کار.

## پلانی بناغەڕێژی

ئێمە لە ئیدارەی کار دەبێت پێکەوە لەگەڵ ئەتۆ دەریخەین ئەتۆ چیت دەوێت و چی دەتوانی بکەیت لەبەر ئەوەی ئەتۆ تا شیاوە بە خێرا بتوانی کار بدۆزیتەوە. ئێمە ئەوە لە گۆتوبێژێک دەکەین بە ناوی گۆتوبێژی بناغەڕێژی، لە ئەو کاتە ئێمە پێکەوە پلانی بناغەڕێژی وەپێش دەخەین بۆ ئەتۆ. پلانی بناغەڕێژی چالاکیگەلی تێدایە کە دەبێت ئەوە هاسانتر بکاتەوە بۆ ئەتۆ کە کارێک وەرگری.

ئەوە دەتوانێ بۆ نموونە خوێندنی زمانی سوێدی بۆ پەنابەر بێت، یسەفیی - بۆ ئەوەی زمانی سوێدی فێر بیت زۆر بە باشی. دواتر بۆ ئەتۆ کە خوێندنگای سەرەتایی و خوێندنگای ئامادەیت تەواو نەکردووە دەرفەتت هەیە ئەوە بکەیت لە ڕێگای خوێندنی گەورەساڵان ، کۆمووکس.

بەڵام ئەوە هەروەها دەتوانێ پراکتیک بێت. ئەوە واتا ئەتۆ لە شوێنێکی کاری بۆ ئەوەی پیشەیەک فێر بیت، پەیداکردنی پێوەندی یان لە بەر ئەوەی ببینی شوێنی کار یان کەرتێک لە سوێد چۆن هەڵدەسوورێ.

ئەتۆ هەروەها دەرفەتت هەیە کە ئەزموونیەکانی خوێندن و پیشەی خۆت ئیعتیبار بکەیت. ئەو دەم دەتوانی بزانی ئەمانە هاوئاستن لەگەڵ چ شتێک لە بازاری کاری سوێد. لە فکرت بێت کە گەواهینامە، پروانامە و ڕاپێژەکانی دیکە کە نیشان دەدات ئەتۆ چ خوێندکاریی و ئەزموونیەکت هەیە کۆیان کەرەوە و هەڵیانگرە.

ئەو کۆمۆنوی کە ئەتۆ تێیدا دەژیت هەروەها دێت و کۆرسکت پێشکەش دەکات لە بارەی زانستی کۆمەلآیەتیی لە بەر ئەوەی ئەتۆ زیاتر فێر بیت کە کۆمەڵگای سوێد چۆن هەڵدەسوورێ.

لە فکرت بێ کە ئەوە بەرپرسیاریی خۆتە کە چالاکیەکان پیادە بکەیت لە ئەو پلانەی کە ئێمە وەپێشی دەخەین. ئیدارەی کار لەگەڵ دایە وەک پشتگیریی، و ئەتۆ دێیت و ئێمە دەبینیت چەندین جار بۆ پێشخستنی پلانەکە، بۆ ئەوەی ئەوە گونجاو بکرێت بۆ دروست ڕگایی ئەتۆ بەرەو کار.

خاڵی دەرچوون ئەوەیە کە ئەتۆ بەشداری بکەیت لە چالاکی گەلێ کە دەکاتە کاری تەواو وەخت، واتە ٤٠ کاژێر لە هەفتە. ئەگەر ئەتۆ لە بەر هۆیەك ناتوانی بەشداری بکەیت تەواو وەخت دەبێت پلانی بناغەڕێژی گونجاو بکەن بە پێی ئەوە. ئەوە گرینگە کە ئەتۆ لە ئەو کاتە لەگەڵ ئێمە لە ئیدارەی کار ڕێکەویت لە سەر ئەمە. دەنا ئەوە دەتوانێ وایلێبێت کە ئەتۆ بۆت نەبێ هیچ قەرەبوو وەرگری.

ئەگەر ئەتۆ کەمبوونەوەی توانای کارت هەیە لەبەر نەخۆشی یان کەمبوونەوەی بەگەڕی دەتوانن خۆشکردنەوەت پێشکەش بکەن لە بەر ئەوەی تا شیاوە بە باشی ژیانی ڕۆژانەت و ژیانی کار بەڕێوەبەریت.

ئەگەر ئەتۆ ناتوانی بە سوێدی قسە بکەیت یان تێ بگەیت ئیدی ئێمە دەتوانین وەرگێر پێشکەش بکەین. لەڕێگای ئێمەوە هەروەها دەتوانی یارمەتی وەرگری بۆ وەرگێرانی پروانامە و دۆکومێنتی دیکە.

لە کاتێ ئەتۆ پلانی بناغەڕێژیت پێکەوە دەخیت ئەودەم زانیاری لەبارەی ئەتۆ تۆمار دەکرێت لە سیستەمی کۆمپیوتەری ئێمە. هەموو زانیاریەکان مۆری نهێنیان لێدراوە، ئەوەش واتا ئێمە بۆمان نیە بیدەینە دەردەست کەسانی بێگانە.

## ڕێگا بۆ کارێک

ئەگەر ئەتۆ هەر لە ئێستاوە کارێکت نیە ئەوا گرینگە کە هەموو کات چالاکانە وەدوای یەکێ بگەڕێی. ئەوە بەرپرسیاریی خۆتە کە هەوڵ بدەیت شێوەی بەخێو کردنی خۆت حەل بکەیت. ئێمە لە ئیدارەی کار ڕێنمایی پێشکەش دەکەین لەبارەی ئەوەوە کە ئەتۆ چۆن دەتوانی باشتر بیت بۆ وەدواگەڕانی کار. ئەتۆ دەتوانی زیاتر فێر بیت لەبارەی ئەوەوە کە خاوەنکار چ شتێکی پێ گرینگە کە لە فکرت بێت لە کاتی گفتوگۆی دامەزران. ئەتۆ هەروەها دەتوانی کۆرسێ بخوێنی بۆ ئەوەی فێری باش نووسینی بەڵگەی ئەزموونی سێوێ بیت. ئێمە لە ئیدارەی کار دەتوانین وەڵامدانەوەی کەسیت پێ بدەین لە بارەی بەڵگەی ئەزموونیت سێوێ و ڕێنمایی لە بارەی ئەوەوە کە چۆن دەتوانی خۆت ئامادە کەیت پێش چوونە گفتوگۆی دامەزران.

لە ماڵپەڕی ئێمە دەتوانی شوێنی خاڵی کاری بدۆزیتەوە، و بخوێنیتەوە لەبارەی پیشەی جیاواز و دەرفەتی داهاتوو. لە ماڵپەڕەکە هەروەها دەتوانی زانیاری بدۆزیتەوە لەبارەی شتی دیکە کە گرینگە لە فکرت بێت لە کاتێ پیشە هەڵدەبژێریت، لە بارەی جۆرە خوێندنی جیاواز و ئەتۆ چۆن دەتوانی خەرجی خوێندن جێبەجێ کەیت. لێراش ئەڵقەیی باش هەیە بۆ ماڵپەڕی دیکە بە زانیاری لەبارەی پیشە و خوێندن.

ئیدارەی کار هەروەها سیمینار و چالاکیگەل پێشکەش دەکا کە سەبارت بە کار و خوێندنە.

لە کاتێ ئەتۆ دەستت بە پلانی بناغەڕێژیت کردووە ئەتۆ هەروەها لای ئێمە ناوت هەیە. لە کاتێ خاوەنکارێک شوێنێکی خاڵی کار لای ئێمە بڵاو دەکاتەوە ئێمە داواکانی خاوەنکارەکە بەراوورد دەکەین لەگەڵ لە بار بوونی ئەو کەسانە کە لای ئێمە ناویان هەیە. ئەگەر داواکانی خاوەنکارەکە ڕێک بێنەوە لەگەڵ لێهاتوویی ئەتۆ ئێمە دێین و زانیاریت پێ دەدەین کە شوێنێکی خاڵی کارهەیە کە دەتوانی داوای بکەیت.

لە فکرت بێ کە ئیدارەی کار تەنیا یەکێ لە ئەو چەندین شوێنانەیە کە وەدوای کار بگەڕێیت. ئەتۆ هەروەها دەتوانی ڕاستەخۆ پێوەندی بە خاوەنکار بکەیت. زۆر شوێنی خاڵی کار بلاّو ناکرێتەوە، بەڵکو بە شێوەی پێوەندی ڕاستەخۆ کارمەند وردەگرن.

بە ناونووسی کردن لای شیرکەتی لەسەرکارخستن دەتوان ئەرکی کورتتر یان درێژتر وەرگری لای شوێنی کاری جیاواز.

ئەوەیش هەروەها باشە کە لەگەڵ دۆست و ئاشنا و خاوەنکارەکانی ئحتمالی پێشوت قسە بکەیت. ئەوان لەوانەیە شوێنێکی خاڵی کار بزانن کە لە بارە بۆ دروست ئەتۆ.

تا زیاتر کەس ئەتۆ بناسن، و ئەتۆ چی دەتوانی، و بەڵگەی ئەزموونی ئەتۆیان هەیە، ئەوا شانس زیاترت دەبێت کارێک بدۆزیتەوە.

ئەوە وەک گوتراوە بەرپرسیاریی خۆتە کە بە شێوەیەکی بژیوی خۆت دابین کەی.

Arbetsförmedlingen

## پێوەندی

ئەتۆ دەتوانی پێوەندی بە ئێمە لە ئیدارەی کار بکەیت بە ئەم شێوانە:

- سەرلێدانی یەکێ لە ئیدارەکانی کاری ئێمە بکە ( کاتی ڕۆژ لە ڕۆژانی کار )
- ماڵپەڕی ئێمە www.arbetsformedlingen.se
- تەلەفۆن لە ئێمە بکە بە ژمارەی ۴۱۶۴۱۶ - ۰۷۷۱ یان بە ئەم ژمارانە:

للتواصل معنا (Arabiska)
هاتف 0771 86 01 01

 በዚ ዝስዕብ ኽትረኽቡና ትኽእሉ ኢኹም (Tigrinja)
ቴሌፎን 0771 86 01 04

با ما تماس گرفتن (Persiska)
تلفن 0771 86 01 02

**Звоните нам** (Ryska)
по телефону 0771 86 01 05

**Nagala soo xiriir** (Somaliska)
Telefonkan 0771 86 01 03

ئەگەر پێویست بوو ئیدارەی کار وەرگێڕی هەیە کە دەتوانێ ترجمە بکا لە بەینی زمانی ئەتۆ و سوێدی.

بە خێر بێیت بۆ سوێد و سەرکەوتوبیت لە وەدواگەرانی کار!